ئەکادیمی و لێکۆڵەری سیاسی د.بورهان یاسین بۆ کوردستانی نوێ:

ژمارەیەك لەئەندامی کۆنگرێس، لەدیموکرات و کۆماریی، خەریکی پرۆژەیەکن دەربارەی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ وڵاتی نیمچە سەربەخۆ

سازدانی: عەدالەت عەبدوڵڵا — بەشی یەکەم

ئەڵتەرناتیڤەکانی ئەمریکا بۆ هەلومەرجی نائارامی ئەمڕۆی عیراق، مەسەلەی دانانی پێگەو بنکەی سەربازیی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان، ئەگەری دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کۆریای باشوور لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەهەرێمی کوردستاندا، پەنابردنەوەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ راسپاردەکانی بیکەر-هاملتۆن، پەیوەندیی کورد-تورکیاو چەندین پرسیتر، لەو مەسەلە گرنگانەن کە ئەمڕۆ جێی پرسیارو بەدواداچوونی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو خەڵکی کوردستانن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاوازو کراوەش لەسەر ئەو مەسەلانە بدوێین، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ئەکادیمی و لێکۆڵەری سیاسی و مامۆستا لەزانکۆی لۆند-ی سوید د. بورهان یاسین ئەنجامداو بەچەند ئەڵقەیەك بڵاویدەکەینەوە.

***لەلێکۆڵینەوەیەکتدا باسی ئەو ئەڵتەرناتیڤانە دەکەیت کە تا ئێستا لەئەمریکا بۆ عیراق پێشنیاز کراون. دوو لەو ئەڵتەرناتیڤانەی بیرت خستونەتەوە جێی سەرنج و مایەی پرسیارین: کشانەوەی تەواوەتی ئەمریکا لەعیراق، دووەمیان: پارچە پارچەکردنی عیراق بۆ سێ بەش. دەتوانی پێمان بڵێی ئەم دوو ئەڵتەرناتیڤە لەئەمریکا تا چەند جێی باسن؟ کێ باسیان لێدەکاو لەچ ئاستێکدا، پاشان ئایا لەچ دۆخێکدا ئەگەری کارپێکردنیان بەهێز دەبێت؟**

-بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەوە بەبیر بهێنمەوەکە ئەو لیکۆڵینەوەیەی ئێوە باسی دەکەن پێداچوونەوەیەکە بەراپۆرتی بیکەر-هاملتۆن-داو خاڵی لێوەدەرچوونی هەرە گرنگ لەلیکۆڵینەوەکەدا ئەوەیە کە ناکرێ باس لەسیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا لەعیراق و ئاسۆکانیان بکەین بەبێ ئەوەی باسمان لەپرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق نەکردبێ. بەمانایەکی تر، باسکردن لەسەرکەوتن یان شکستی ئەمریکا باسە لەرادەی سەرکەوتن یان شکست لەپرۆژەی دەوڵەتی عیراق و ئەگەرەکانی مانەوەی ئەم دەوڵەتە بەو شێوەیەی کە هەبووە یان نا. بەم شێوەیەش ئەڵتەرناتیڤەکانی بەردەم ئەمریکا (لەکشانەوە یان مانەوە یان کشانەوەی بەشی هەرە زۆر لەهێزەکان و هێشتنەوەی هەندێ لەهێزەکان و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەشێوەی چەند بنکەیەکی سەربازی) گرێدراون بەئەگەرو گۆڕانکارییەکان کە یەکسەر پەیوەندیدارن بەدواڕۆژی پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقەوە.

ئەڵبەتە گفتوگۆ لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق شتێکی تازە نییە. لەئاستی میدیاکان و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان. هەروەها لەئاستی سیاسەتی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەمریکا (واتە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان) گفتوگۆکان کراون و تا هاتووە ئەم باس و خواسانە گەرمتر بوون و گرینگی زێدەتریان وەرگرتووە. ئەمڕۆ چیتر مەسەلەی کێشانەوەی هێزەکان لەئاستی گفتوگۆ نەماوەتەوەو باس چیتر لەوە نییە کە هێزەکان بکشێنەوە یان نا، بەڵکو دەبێ بکشێنەوە. جا قسە زیاتر لەسەر شێوەو مەرج و کات و قەوارەی ئەو هێزانەیە کە دەکشێنەوە. جگە لەوەش کە کشانەوەی بەتەواوەتی زیاتر دیدی زۆرینەی دێمۆکراتەکان بووە لەوەش دەچێ کە لەهەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆك کۆماریی لەئەمریکا پرسی هەرە گرنگ مانەوە یان نەمانەوەی هێزەکان بێت. جگە لەوە کەسایەتی زۆر گرنگ لەئەمریکا هەن کە دەمێکە بانگەشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن. یەکێ لەوانەی کە بۆچوونەکانی گرنگن و گوێیان لێدەگیرێ زبگینۆ بریژنسکی-بە، کە کاتی خۆی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جیمی کارتەر بووە. ئەو بەر لەنزیکەی دوو ساڵ پێشنیازی راستەوخۆی بۆ جۆرج بوش کرد کە ئەمریکا دەبێ بکشێتەوە لەعیراق و بۆ ئەوەی ئەو کشانەوەیەش بەشکست بۆ ئەمریکا نەگەڕێتەوە داواکاری کشانەوە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پێت، وەکو ئەوەی کە ئەمریکا لەحاڵەتی شکستدا خۆی ناکێشێتەوە، بەڵکو ئەو کارە لەسەر داوای حکومەتی عیراق دەکات.

باسوخواس دەربارەی پارچەکردنی عیراق بۆ سێ بەش شتێکی تازە نییە. لەسەرەتاوە لەلایەن هەندێ کەسی شارەزاو کۆنە دیپلۆماتی وەك، پیتەر گالبرێس کە هەر زوو بەراشکاوی بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراقی کرد، باسکرا، بەڵام دواتر بیرۆکەی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ بەش چووە ناو دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکاشەوە، لەوانە بیرۆکەیەکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس و راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوە هەروەها دۆنالد رامسفێلد بەهەفتەیەك بەر لەجێهێشتنی پنتاگۆن بیرخەرەوەیەکی (دەربارەی ستراتیژی ئەمریکا لەعیراق) داوە بەجۆرج بوش کە دەرەنجامەکانی لەچەند خاڵێك کۆکردونەتەوەو لەخاڵی هەرە کۆتایدا دەڵێ: ئەگەر ئەمریکا لەهەموو هەوڵەکانی کەدیموکراتن، بەپشتگیری دوو ئەندامی پارتی کۆماری، خەریکن پرۆژەیەك دەدەن بەکۆنگرێس کە دەربارەی دابەشکردنی عیراقە بۆ سێ وڵاتی (نیمچە سەربەخۆ).

پرسیاری ئەوەش دەکەیت کە کەی ئەڵتەرنەتیڤی دابەشکردن کاری پێدەکرێ؟ ئەوەی راستی بێت لەلێکۆڵینەوەیەکمدا دەربارەی دەستووری عیراق کە بەر لەنزیکەی دوو ساڵ بڵاوبۆتەوە باسم لەو پرۆسەیە کردووە کە دەتوانێ سەر لەهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق بدات. لەوێدا دەڵێم کە سێ بێهیوابوون دەتوانن کۆتایی بەدەوڵەتی عیراق بهێنن:

*بێهیوابوونی شیعەو سوننەی عەرەب لەیەکتر.

*بێهیوابوونی ئەمریکا لەپرۆژەی دەوڵەتی عیراق.

*بێهیوابوونی کورد لەرۆحی پرۆژەکە کە ئەویش بەیەکەوە ژیانە لەگەڵ عەرەب وەکوو دوو نەتەوەی یەکسان.

دیارە دەرهاویشتەی گەیشتنی ئەمریکا بەئاکامێکی ئاوا دەبێتە بنەما بۆ پەرینەوە لەستراتیژی هێشتنەوەی عیراق بەیەك پارچەیی هەرچەندە پرۆژەکە لەسەرەتاوە لەبنەمایەکی چەوتەوە پێی هەڵگرتبوو کە ئەویش بۆ نموونە تێکەڵاوکردنی کوردستان بەفەللوجە (واتە بەیەکەوە گرێدانی ئەوانەی تا سەر ئێسقان دوژمنایەتی ئەمریکییەکان دەکەن بەئەوانەی لەهەموو ئاستێکی سیاسەتدا (سەرکردەو جەماوەر) خۆیان وەك دۆست و (هاوپەیمانی) ئەمریکا دەبینن). بەو مانایە، بنەماو مەرجێکیش بۆ وازهێنان لەبیرۆکەی عیراقێکی یەکبوو ئەوەیە کە ستراتیژی ئەمریکا بگوازرێتەوە لەئەوەی من پێیدەڵێم یەك سیاسەت بۆ دوو حاڵەت (حاڵەتی کوردی و عەرەبی) بۆ دوو سیاسەتی جیا بۆ دوو حاڵەتی جیا (سیاسەتێکیان تایبەت بەعیراقی عەرەبی (عیراق بەبێ باشووری کوردستان)و سیاسەتێکی تریشیان تایبەت بەکوردستان. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سیاسەتە رەسمییە کوردییەکان تا ئێستا هەوڵی بێووچان بووە بۆ مومکینکردنی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق، بەم مانایەش سیاسەتی دواخستنی سەرهەڵدانی بێهیوابوونی کورد بووە لەعیراقی عەرەبی. نەك هەرتەوە، بەڵکو دواکەوتنی بێهیوابوونی ئەمریکا لەپرۆژەی عیراق. هەروەها دواخستنی بێهیوابوونی سوننەی عەرەب و شیعە لەیەکتر لێکەوتۆتەوە. دیارە هاوتەریب لەگەڵ قەتیسبوونی پرۆسەی سیاسی لەعیراق لەچەند گرێیەکی خوێناویدا، هەندێ لەئەمریکییەکان بێهیوابوونی خۆیان لەو حاڵەتەی عیراق ناشارنەوەو لەوێشەوە باس لەئەڵتەرناتیڤ دێتەگۆڕێ، لەوانەش جیاکردنەوەی کوردستان و بەجیا مامەڵەکردنی بەسیاسەتێکی جیا لەوەی تا ئێستا. ئەوەتا رۆژنامەنووس و نوسەرێکی ناوداری ئەمریکی وەك (تۆماس فریدمان) لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی **کوردستانی نوێ** (٢٠٠٧/٦/٥) دەڵێ: ئەگەر عیراقیش وەکو دەوڵەتێك شکست بهێنێت بەدڵنیاییەوە پاڵپشت و پشتیوانی خۆم بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەردەبڕم.

لەو باوەڕەدام کە مەسەلەی دابەشکردنی عیراق و پشتبەستنی ئەمریکا بەدۆستێکەوە (کە بێ سێ و دوو دۆستە، کە ئەویش کوردە)و هێشتنەوەی هەندێ لەهێزەکانی ئەمریکا لەکوردستان ئاسان نابێ، چونکە بەئەگەری زۆر قانیعکردنی لایەنی عەرەبی بۆ رێگەدان بەدامەزران و مانەوەی بنکەی ئەمریکی لەعیراق ئاسان نابێ، بەئەگەری زۆر لەسیناریۆیەکدا یەکانگیر بن! و ئەوەش شێوەی بۆچوونم بووە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە ئێوە سەرەتا ئاماژەتان پێکرد.

ناشمەوێ شاردراوە بێت، بۆچوونی خۆم دەربارەی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق و چارەنووسی کورد لەم بارەیەوە هەر لەسەرەتاوە ئەوە بووە کە چارەسەر دابەشکردنی عیراقەو ئەوەش باشتر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو کورد لەباشووری کوردستان دەکات. گومانیشم دەربارەی سەرکەوتوویی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق لەم پرسیارەوە هەڵقوڵاوە: ئایا کە پرۆژەی بەریتانیای (عیراقی یەکبوو) لە٨٣ ساڵدا (١٩٢٠-٢٠٠٣) سەرکەوتوو نەبوو. لەراستیدا کەم یان زۆر بەهەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتە لە٢٠٠٣ کۆتاییهات، بۆو چۆن ئەمریکا، لەبارودۆخێکی زۆر سەختتردا، دەتوانێ لەهەمان پرۆژەدا سەرکەوتوو بێت؟

د. بورهان یاسین

تەقاندنەوەی مەرقەدەکان و ئاراستەیەکی ترسناك

■ هیوا سەعید

ساڵێك بەسەر تەقاندنەوەی یەکەمی مەزاری هەردوو ئیمامی عەسکەریدا تێپەڕنەبوو، ئەجارەش هەمان شوێن لەسامەرا کەوتنەوە بەر هێرشی تیرۆریستان، ئەم کارە کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کاتەدا بۆ ئەم کارە ئەنجامدەدرێت، ئایا بۆ شکستهێنانی حکومەتی مالکییە، یان بۆ نانەوەی بارگرژییەکی ترە، بەهەر شێوەیەك بێت، پاش ئەوەی لەکۆی (٦٢) پاسەوانەکانی مەرقەدەکە، (٥٠)یان لەدەست لێکۆڵینەوە هەڵهاتن، ئێستا هۆکارەکان‌و ئەوانەی لەپشت ئەم کارەوەن خەریکە ون دەبن، مالیکی ئەلقاعیدەو ئەلقاعیدەش هێزە شیعییەکان بەئەنجامدانی ئەو کارە تۆمەتبار دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرێك لەپیاوانی ئایینی وەهابی لەسعودیە دەستخۆشی لەم جۆرە کارە دەکەن. کەبوونی مەرقەدو هاوشێوەکانی بەپاشماوەی بتپەرستی و کاری کافران دەزانن، دیارە ئەم فتواو جۆرە کارانە، هەمان هەڵسوکەوتی ئەنسارولئیسلامان بیردەخەنەوە، کەکاتی خۆی لەناوچەی هەورامان هەمان کاریان ئەنجامدا، بەوەی پەرستن تەنها بۆ خوایە، نەك بۆ مرۆڤە مردووەکان، بەڵام مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت، بەشێکە لەتێکدانی شوێنە ئایینی و مێژووییەکان، ئەمە جگە لەوەی هەستی تایەفەگەریی و کوشتنی ئەویتر دەگەیەنێتە ترۆپك، پاش تەقاندنەوەی مەزارەکانی سامەرا، کاردانەوەی گروپە شیعییەکان دەرکەوت، لەبەغداو کۆمەڵێك مزگەوتی سوننەکانیان تەقاندەوە، ئەمە جگە لەوەی هەمان کاردانەوەی لەبەسرە رویدا، دیارە ئەمە کەمترین و سەرەتاییترین کاردانەوەکانن، هەندێك پێیانوایە ئەمیان تەنها مەسەلەیەکی کاتییە، بەڵام کاردانەوەی تەقینەوەکانی پارمان بیرنەچووەتەوە لەوکاتەی عیراق بەبارێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕی.

لەناو ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەدا، ئایا عیراق بەرگەی کارەساتی زۆری تر دەگرێت؟ ئێستا لەعیراقدا هێشتا کێشەی چاکسازیی دەستوور کۆتایی نەهاتووە، هەموولایەك هەوڵی فشار دروستکردن بۆئەویتر دەدات، کەئەمیان بۆ خۆی قەیرانێکی ناوخۆیی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، هەروەها کێشەی نێوان گروپە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و لابردنی سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەی کەرکوك و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەکانی کێشەی لەسەرە، هەروەها کێشمەکێشی دەسەڵات لەنێو هێزە سوننی و شیعەکاندا، ئەمە جگە لەوەی لەعیراقدا دوابڕیاری سیاسی لەدەستی مەرجەعیەتەکاندایە واتە لەدەست مەرجەعیەتی سیاسی‌و ئایینیدایە، ئەمە جگە لەوەی لەناو عیراقدا دابەشبوونێکی نادانپێدانراو لەنێوان گروپەکاندا هەیە، بەڵام هەموولایەك خۆیان لەو مەسەلەیە غافڵدەکەن.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەمریکییەکان جۆرێك لەخەمساردییان نواندووە، لەوەی ژمارەیەکی کەم پاسەوانیان بۆ پاراستنی ئەو شوێنە داناوە، بەڵام دیارە هەموو ئەمانە هۆکاری ئاشکرای کردەکانن، بەڵام دیوەکەی ژێرەوەی ئەو ململانێ سیاسییانەیە کەکاری فشارەکانی لەسەرە، وەك هاوسەنگی دەسەڵات لەناو عیراقدا، سوننەکان لەهێزێکی پەراوێزەوە هەوڵدەدەن بن بەهێزی کاریگەرو مێژووی پێشووی خۆیان دووبارەبکەنەوە، بەڵام ئایا مێژوو هەمیشە دووبارە دەبێتەوە؟

لەلایەکی ترەوە ئێران وەك راپۆرتەکان باسی دەکەن دوو جەمسەرە کاردەکات، هەم پاڵپشتی سوپای مەهدی و هەم پاڵپشتی هێزە چەکدارە سوننییەکان دەکات، ئەمە جگە لەهاوکێشەی سووریا لەعیراقدا، کەهەوڵی ناجێگیری سیاسی لەعیراقدا دەدات.

دیارە هەموو ئەو هەوڵدانانە بەشێکن لەجەنگێك کەمێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام ئێستا سەرەتاکانی دەردەکەون، ئەمەش لەو قەناعەتە نزیکمان دەخاتەوە، هێشتا بیرکردنەوە لەپێکەوەژیان ماوەی زۆری ماوە، ئێمە نەتوانین قبوڵی مەزارێك بکەین، چۆن بتوانین قبوڵ جیاوازییەکانی نێوانمان بکەین، یان بتوانین بەو شێوەیە پێکەوە بژین و درێژە بەو هەموو کێشمەکێش و شەڕو کوشتارە بدەین.

لێدوانەکەی ئەردوگان بۆنی وەرچەرخانی لێدێت

■ بەکر صدیق

هەر ناکۆکی‌و ململانێیەکی سیاسی، بەئیرادەی کۆی لایەنەکانی نەبێ کۆتایی نایەت، هەر ڕێگەچارەیەکی سیاسی یان سەربازی ئەگەر زادەی لایەنێك بێ‌و دوور لەویستی لایەنەکەی بەرامبەر بسەپێ، دورایییەکی خراپ دەداتە ناکۆکیەکان. لەوسۆنگەیەوە کێشەی کورد لەکوردستانی تورکیا، تائێستا یەك لایەنە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەمانایەکی تر هەمیشە تورکیا ویستویەتی ئەو ڕێگەچارەیەی کەخۆی بەپەسەندی زانیوە ئەوە بسەپێنێ. ئەو ڕێگەچارەیەش پتر سەربازی بووە، لەڕوی سەربازیشەوە، بۆ هێزێکی گەریلایی (پارتیزان) خۆی لەشێوەی بازنەیەکی داخراوو خولانەوە لەبازنەدا نمایش دەکات. لەڕابردوودا فاکتەری سیاسی لەدەرەوە لەقازانجی تورکیا دەسوڕا. ئەورووپا زیاتر لەژێر گوشاری ئەمریکادا، تورکیایان دەلاواندەوە (پەکەکە) یان خستبووە ژێر گوشاری سیاسی توندەوە. سوریا بەهەرەشەیەکی تورکیا، پشتی لەو حزبەکردو فەرامۆشی کرد. لەکوردستانی عیراق، هەردوو حزبی دەسەڵات دار، گوشاری توندیان بۆ (پەکەکە) هێنا ئەمریکا بەهەموو شێوەیەك یارمەتی تورکیای دەدا لەبنەبڕکردنی‌و هەرکاتێك ئەو وڵاتە ویستبێتی بێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە بۆ راودونانی (پەکەکە)، لەلایەن ئەمریکاوە خاتر جەم بوو. لەئێستادا فاکتەری دەرەکی خەریکە بەقازانجی (پەکەکە) و بەزیانی تورکیا بشکێتەوە، چونکە:

*تورکیا ئەوەندەی پێویستی بەچوونەناو ئەورووپایە، هێندە ئەورووپا پێویستی بەتورکیا نیە، لەوحاڵەتەشدا، مەرجی ئەورووپا بەسەر تورکیادا دەسەپێ نەك بەپێچەوانەوە. یەکێك لەمەرجەکانی ئەورووپاش لەسەر تورکیا، کۆتاییهێنانی حاڵەتی نائاساییە لەکوردستان‌و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسی‌و ئاشتییە بۆکێشەی کورد. بەو نیازەی تورکیا ببێتە وڵاتێکی ئارام‌و دەستورەکەی بەچەشنێ بگۆڕێ کە لەڕووی مافی مرۆڤ و کرانەوەی سیاسیدا لەدەستورەکانی وڵاتانی ئەورووپا بچێ‌و دیموکراسی بەرهەمهێنێ‌و مافی هاووڵاتیبوون بۆ کوردەکانیش بگێڕێتەوە. تا لەدواجاردا تورکیا ببێتە وڵاتێکی سەقامگیرو بێ کێشەو بگونجێ لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا. ئەمەش بواری ڕێگەچارەی سەربازی‌و فەزای سەپاندنی ڕێگەی سەربازی. بچووك‌و بەرتەسك دەکاتەوە.

*بەهاتنی ئەمریکا بۆعیراق (پەکەکە) خرایە ناو ئامرازانەی کە ئەمریکا بیپارێزێ‌و وەك کارتێك بۆ دورخستنەوەی هەرەشەکانی تورکیاو تەنانەت ئێرانیش بۆسەر عیراق‌و هەرێمی کوردستان بەکاریبهێنێ. ڕێگەنەدانی تورکیا بەئەمریکا، کەسوود لەو وڵاتە ببینێ لەڕووخانی دەسەڵاتی بەعسدا، کەلێنی پەیوەندی سەبازی تورکیاو ئەمریکای فراوانکرد. ئەمەش بووەهۆی سەرەتایەك بۆکالبونەوەی دەسەڵاتی سەربازی‌و ڕۆڵی سەربازی لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی لەتورکیادا. دورکەوتنەوەی سەرباز لەبڕیاری سیاسی تورکیادا کەمبوونەوەی هەرەشەی دەستوەردانی سەربازییە لەهەرێمی کوردستان، کە لەپێش هاتنی ئەمریکا بۆ عیراق، تورکیا بەبیانوی (پەکەکە)، چارەنووسی سیاسی هەرێمی کوردستانی خستبووە ناو هەژموونی خۆی‌و بەم گۆڕانەی بەسەر پەیوەندی سەربازی نێوان تورکیاو ئەمریکادا هات، هەژموونی سەربازی تورکیا بەسەر هەرێمی کوردستانی عیراق لەناوچوو.

لەو سۆنگەیەوە، هەموو ئەو هەرەشانەی دەسەڵاتی سەربازی‌و چەند ناوەندێکی سیاسی، تورکی، لەکوردستانیان دەکرد، کە بکشێن بۆ ناو خاکی هەرێم، تورکیای ڕووبەڕووی ئیرادەیەکی پێچەوانە کردەوە. ئەمریکا هەرەشەی کرد. حکومەتی عیراق هاتە سەرخەت. دەسەڵاتی هەرێم ملی کەج نەکرد بۆ هەرەشەکان. (پەکەکە)ش لەناوەوە چالاکیەکانی پتڕێ هەڵابردو ئەورووپاش نیگەران بوو لەهەرەشەکانی تورکیا. سەرەنجام ڕەجەب تەیب ئەردوگان هاتەسەر خەت‌و تورکیای لەقەیرانێکی چاوەڕوانکراو دەربازکرد. بەوەی کەڕایگەیاند: تورکیا پێویستە (٥٠٠٠) چەکداری (پەکەکە) لەناو خۆدا بنبڕبکات، ئینجا بیر لە (٥٠٠) چەکداری ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنوورو هەرێمی کوردستان بکاتەوە. ئەمەش بۆخۆی دەلالەت هەڵدەگرێ، کە لەسادەترین لێکدانەوەدا وەرچەرخانێك لەمامەڵەی تورکیا پیشان دەدا چ بەرامبەر هەرێمی کوردستان‌و چ بەرامبەر مەسەلەی (پەکەکە). سەبارەت بەهەرێمی کوردستان، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەردۆگان بەجورئەتەوە باسی لەوەکرد کەپێویستە لەگەڵ بەغدا دانوستان بکرێ بۆمەسەلەی (پەکەکە). ئەوەش دەمێکە دەسەڵاتدارانی هەرێم‌و ئەمریکاو ئەورووپا داوایدەکەن‌و تورکیا گوێی پێنەدەدا! ئەم لێدوانەش لەبەعەمەلی کردنیدا مامەڵەیەکی سیاسی تازە لەنێوان تورکیاو عیراق-هەرێمی کوردستاندا دەخولقێنێ کە گرژی لەنێوان تورکیاو هەرێمدا خاودەکاتەوەو سەقامگیری پەیدادەکات. دان نانیش بەوەی (٥٠٠٠) چەکداری (پەکەکە) لەناو تورکیادا هەیە مانای ئەوەیە کە، ڕێگەچارەی سەربازی رابوردو بەو هەموو پشتیوانیەی لەڕابردوودا تورکیا هەیبووە، بێئاکام مایەوە. لەئێستاشدا کەتورکیا لەبەرامبەردا (پەکەکە)دا متمانەی ئەمریکاو ئەورووپای لەدەستداوە، ئەوە نیشان دەدات کە ڕەنگە ئەم هەوڵەی ئێستا لەناوخۆدا بۆ ڕاوەدونانی چەکدارانی ئەو حزبە لەئەگەری شکست هێنانیدا بڕ لەڕێگەچارەی تریش بکرێتەوە، بەتایبەت کەپاشماوەیەکی تر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی‌و پەرلەمانی لەتورکیادا دەکرێت. ئەگەر، حزبەکەی ئەردوگان سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ئەوا پایەکانی دروستکردنی بڕیار لەڕۆڵی سەربازەکان کاڵ یان خاڵی دەبنەوە. بەمەش وەرچەرخان ڕودەدات لەمامەڵەی (پەکەکە)و مەسەلەی کورد لەتورکیادا. کۆی ئەم گۆڕان‌و وەرچەرخانەش تەگەرەیەکی گەورە لەبەردەم چارەنووسی سیاسی هەرێمی کوردستان‌و تەنانەت مەسەلەی کەرکوکیش، لادەبات‌و گرێیەکی سەختی بەردەم هەرێمی کوردستان دەترازێنێ. کاریگەریە ڕاستەقینەکەی ئەم لێدوانەی ئەردۆگانیش، لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، ڕونتر دەردەکەوێ.